FOCUS

# کۆچی ناشەرعی.. دیوێکی تری (تیرۆری نێودەوڵەتی)

## هەڕەشەیەك بۆ سەر ئاسایشی وڵاتانی یەكێتی ئەورووپا

ANADOLU AGENCY

مركز الجزيرة للدراسات
ALJAZEERA CENTRE FOR STUDIES

**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش کەوتۆتە دۆخێکی نا ئارام لەبەر ڕاستی و دروستی پەیوەندی تیرۆری کیشوەربڕ و تاوانی ڕێکخراو بە دیاردەی کۆچی ناشەرعی، دواجاریش بەستنەوەیان بە ئاسایش و سەقامگیری ئەورووپاوە**



د. فەرید خان (پسپۆڕی ستراتیژی لە کاروباری نێودەوڵەتی)

جووڵەی کۆچبەران و تیرۆریستان لە تورکیاوە تەنیا بۆ یەک ئاڕاستە نەبوو بەرەو ئەورووپا، چونکە گرووپە تیرۆریستییەکان ڕێگەی کۆچی ناشەرعیان بە دوو ئاڕاستە لە بەرژەوەندی خۆیان بەکارهێناوە و تا ئێستا توانیوانە چەندین پرۆسەی کۆچکردن بەرەو وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا پێچەوانە بکەنەوە، لە بەرژەوەندی خۆیان ڕێکیبخەنەوە و ڕێگە خۆش بکەن بۆ هەزاران کەسی تیرۆریست لە وڵاتانی ئەوروپاوە بۆ ناوچەکانی شەڕی تێدایە لە سوریا و عێراق ڕەوانە بکەن.

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش کەوتۆتە دۆخێکی نا ئارام لەبەر ڕاستی و دروستی پەیوەندی تیرۆری کیشوەربڕ و تاوانی ڕێکخراو بە دیاردەی کۆچی ناشەرعی، دواجاریش بەستنەوەیان بە ئاسایش و سەقامگیری ئەوروپاوە. بەم دواییانەش دۆخەکە ئاڵۆزتر بوو پاش ئەوەی ئەو ڕێکخراوە توندڕەوانە پرسە مرۆییەکانیان وەک چەترێک بۆ کردەوە و ئامانجەکانی خۆیان بەکارهێناوە. هەر بۆیە ئەورووپا ناچاربوو ستراتیژییەتی خۆی بگۆڕێت لەمەڕ چارەسەرکردنی دۆسیەی کۆچی ناشەرعی و گۆڕینی لە (کۆمەڵایەتی ــ ئابووری)ەوە بۆ پرسێکی (سیاسی و ئەمنی) پلە یەک.

## بیوگرافیای هۆکارەکانی کۆچ کردن بۆ وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا



| | |
|---|---|
| 1 | بێزاری و بەتایبەتیش بۆ سوریەکان، بەهۆی قەیرانەکەی یەخەی وڵاتەکەیانی گرتووە. |
| 2 | هەڵکشانی خەرجی ژیان و قوڵبونەوەی هەژاری. |
| 3 | کەمی هەلی کار، بەتایبەتی بۆ گەنجان. |
| 4 | بەربەستە یاساییەکانی لەسەر ڕێگەی نوێبکردنەوە نیشتەجێبونە لەهەندێك وڵات. |
| 5 | کەمی هەلی خوێندن و فێربوون بەتایبەتی لە وڵاتانی وەکو عێراق و میسر و ئەفغانستان و سودان.... |
| 6 | نەبونی ئاسایش و ئارامی. |
| 7 | کەمی تەمویل، بەرنامەی یارمەتیەکانی کۆچبەران کەموکوڕی زۆری تێدایە. |
| 8 | چەوساندنەوە و ستەم لێکردن لەهەندێك وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیا. |
| 9 | جیاوازی زۆر لە ئاستی گوزەران. |
| 10 | جەنگە ناوخۆییەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکوری ئەفریقیا. |
| 11 | گەندەڵی دارایی و ئیداری لەهەندێك وڵاتدا. |
| 12 | قەیرانە سیاسی و ئاینیەکان. |
| 13 | گەشەی دانیشتوان و گۆڕانی دیموگرافی لە جیهان بەشێوەیەکی خێرا. |

ورده ورده دۆخەکە لەژێر کۆنترۆڵ دەردەچێت بەهۆی هەوڵی ئـەو گرووپانـە بـۆ خـۆ خزاندنـە نێـو کۆچبـەرانی ناشـەرعی و جێگیربوونیـان لـە وڵاتـانی کیشـوەری ئەورووپـا بەگشـتی. ئەمـەش خـۆی لـە خۆیدا پلانێکـی دوورمـەودای ئـەو گرووپـە توندڕەوانەیـە، چونکـە هەوڵـدەدەن ناوەندێکـی گوشـاری ئاینـی لەنـاو خـودی ئەورووپـا دروسـت بکـەن بـە ڕێگـەی نیشتەجێکردنی ڕەگـەزە تیرۆریستەکان و وەرگرتنی ڕەگەزنامـەی ئەورووپـی، دواجاریـش کۆنترۆڵکـردنی ناوەنـدی ئیسـلامی و مزگەوتـەکانی لـە شـارە جیاجیـاکانی وڵاتـانی ئەورووپـادا هـەن و بیکـەن بـە مۆڵگەیـەک بـۆ خۆڕێکخسـتنەوە و ئەنجامـدانی کـردە تیرۆریسـتییەکانی خۆیـان.

بۆیە لـە ژێـر ڕۆشـنایی ئـەو هەڕەشـانەدا کۆچـی ناشـەرعی بۆتـە ئاڵنگارییـە هـەرە دیارەکـەی ڕووبـەڕووی کیشـوەری ئەورووپـا بووەتـەوە لـەکاتی ئێسـتادا. شـارەزایان بـە دیارتریـن کێشـەی دادەنێیـن، کـە هەڕەشـە لـە خـودی یەکێتـی ئەورووپـا دەکات، بـە تایبـەتی پـاش ئـەو کێشـە و ناکۆکیانـەی ڕووبـەڕووی وڵاتـانی یەکێتییەکـە بووەتـەوە سـەبارەت بـە دۆسـیەی کۆچـی ناشـەرعی و نیشـتەجێکردنی کۆچبـەران و نەدۆزینـەوەی میکانیزمێکـی هاوبـەش بـۆ چاسـەرەکردنی ئـەو پرسـە هەسـتیارە.

هەرکەسـێک وردتـر لـە دۆخەکـە بڕوانێـت لـە دیمـەنی ئاسـایشی جیهـانی ئەمـڕۆ، دەبینێـت چـۆن تیـرۆر کار دەکات بـۆ جێکردنـەوەی خـۆی لـە نـاو خـودی ئەورووپـا، بـۆ ئـەوەی ئامانج و بەرنامەیـەک دابنێـت، کـە بـە هیـچ شـێوەیەک لـە گـەڵ واقیعـی ژیـان و پێشـکەوتنەکانی مـرۆڤ لـەو ناوچەیـە ناگونجێـت و بـە تـەواوی دژی سـەرجەم مافـەکانی مرۆڤـە. جگـە لەوانـەش، بەشـداری کـردن و هاریـکاری کـردنی ناڕاسـتەوخۆی بـۆ خـۆ قایـم کـردن و جێگیرکـردنی بەرژەوەنـدی ئـەو وڵاتانـەی تەبەنـای ئـەو فیکـرە توندڕەوانـە دەکـەن، وەک: تورکیـا، قەتـەر، ڕێکخـراوەکانی وەک ئیخـوان لـە باکـوری ئەفریقیـا و ڕێکخـراوی قاعیـدە لـە وڵاتـانی مەغریبـی عـەرەبی.

لـە گـەڵ بڵاوبونـەوەی چەمکـی ئاسـایشی کۆمەڵگەیـی لـە ئەورووپـا لـە ژێـر سـایەی لـە یەکگرێـدانی کۆچـی ناشـەرعی و تـاوان و تیـرۆر، ڕوون بووەتـەوە کـە ڕەگ و ڕیشـەی ڕوئیـای هەناردەکـردنی تیـرۆر بـۆ ئەورووپـا بـە ڕێگـەی کاراوێ کۆچـی ناشـەرعی، کـە لـە کاتی ئێسـتادا ڕێکخـراوە تیرۆریسـتییەکان بـە شـێوەی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ کۆنترۆڵیـان کـردووە.

دۆخـی ئێسـتای جیهـانی بـە چەندیـن تەکەتـولات و هاوپەیمانییـەتی تێپـەڕ دەبێـت، چونکـە ئەمـڕۆ چەندیـن گۆڕانکاریـی و کاریگەربـوون و ململانێـی جۆراجـۆر بەخۆیـەوە دەبینێـت، سـەرجەمیان تێکهەڵکێـش و تێکئـاڵاون. فرەیـی لایەنـەکانی لـە وڵاتانـەوە بـۆ تـاک تاکـی ڕێکخـراوەکان درێـژ دەبێتـەوە. ڕەنگـە یەکێـک لـە دیارتریـن ئـەو گۆڕانکاریانـە بریتـی بـن لـەو گۆڕانکاریـی نوێیانـەی کاریگـەری لەسـەر پەیوەندییـە نێودەوڵەتییـەکان دروسـت دەکـەن، بـە تایبەتیـش پەیوەندییـە دوانەییـەکان.

کۆچـی ناشـەرعی بـۆ وڵاتـانی ئەورووپـا دەگەڕێتـەوە بـۆ سـییەکان تـا شەسـتەکانی سـەدەی ڕابـردوو؛ ئەوکاتـە کیشـوەرە پیرەکـە پێویسـتی بـە دەسـتی کار بـوو؛ بۆیـە کۆچـی ناشـەرعی بـە تاوانێـک سـەیر نەدەکـرا بـۆ خاکـەکانی بـەو شـێوەیەی ئێسـتا، بـەڵام لە نەوەدەکانـەوە، وڵاتـانی ئەورووپـا هەسـتیان کـرد تـا ئێـرە بەسـە و چیـتر پێویسـتیان بەدەسـتی کار نییـە، بۆیـە دەسـتیان کـرد بـە دانـانی یاسـا و ڕێسـای نـوێ بـۆ ئـەوەی سـنورێک بـۆ ئـەو دیاردەیـە دابنێـن. ئـەو ڕێکارانـەش لـە گـەڵ سـەرەتای جێبەجێکـردنی ڕێککەوتنـی (شـنگن) زیاتربـوون، کـە لـە یۆنیـۆی 1985ەوە چـووە بـواری جێبەجێکردنـەوە.

سـەرباری ڕێـکارە یاسـایەکانی وڵاتـانی ئەورووپـا گرتیانەبـەر بـۆ

> **بۆیە لە ژێر ڕۆشنایی ئەو هەڕەشانەدا کۆچی ناشەرعی بۆتە ئاڵنگارییە هەرە دیارەکە و ڕووبەڕووی کیشوەری ئەورووپا بووەتەوە لەکاتی ئێستادا**

ئەوەی سنورێک بۆ دیاردەی کۆچ دابنرێت، بەڵام زیاتر و بەتەوژمتر بوو پاش ساڵی 1990، ئەو ساڵەی بەرفراوانی یەکێتی ئەورووپای بەخۆیەوە بینی. ئەو ڕێکارانە کاریگەری نەرێنیان هەبوو لەسەر زیاتربوونی کۆچی ناشەرعی بە شێوەیەکی یەکجار بەرچاو، ئەویش بە ڕێگەی ئاراستە سەرەکییەکەی وەک دەرچەی ڕۆژهەڵات کە بریتییە لە هەریەک لە (پۆڵەندا، ڕووسیا، ئۆکرانیا و بەڵقان) تا دەگاتە بڕاردە هەرە باشەکەی بەردەم ئەفەریقییەکان، کە دەرچەی (ئیسپانیا ــ مەغریبییە) لە ڕێگەی جەبەل تاریق.

بەمەش دۆسیەی کۆچی ناشەرعی بووە جێگەی بایەخدان لەسەر ئاستی بازنە باڵاکان لە ئەوروپا، بەڵام هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی سیاسەتێکی یەکگرتووی ئەورووپی لە نێوان هەموو وڵاتانی ناو یەکێتییەکە ڕوون نەبووەوە تا بەستنی لوتکەی (سالونیکی) لە 19 یۆنیۆی 2003؛ بەو پێیەی بەستنی ئەو لوتکەیە لە ژێر ڕۆشنایی پێشهاتە سیاسی و تێکەوڵابوونەکەی یەکێتی ئەورووپا تێوەگلاوە پاش پشتڕاستکردنەوەی دەستوورێکی یەکگرتوو و هەیکەلێ نوێی یەکێتی ئەورووپا، هەروەها شایستە فراوانییەکانی داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کیشوەری ئەورووپا. لەو لوتکەیەدا هەوڵدرا پێوەرێکی نوێ و یەکگرتوو بۆ وڵاتانی یەکێتییەکە دابنرێت؛ بە مەبەستی ڕێگەگرتن لە کۆچی ناشەرعی و بەرتەسککردنەوەی ڕێگەی چوونە ژوورەوە بۆ ناو وڵاتانی یەکێتی ئەوروپا، تەنیا بەو مەرجانەی وڵاتەکان دایدەنێن، بەڵام لوتکەکە بە هۆی ناکۆکی لە نێوان ئەورووپییەکان لەسەر هەڵسەنگاندنی بابەتی کۆچ و گرنگی بۆ ئابوورییەکانی ئەورووپا شکستیهێنا.

دواتریش، ئەو دیاردەیە بەستراوەتەوە بە ئاسایشی ئەورووپاوە، بە تایبەتی پاش ڕووداوەکانی (11)ی سێپتەمبەر، چونکە کۆچی ناشەرعیان کردە هەڕەشەیەک بۆ سەر وڵاتانی ئەورووپا و بابەتەکەش هەموو جارێک دەکەوێتە ناو سیاسەتە باڵاکان بۆ هەموو وڵاتێک لە وڵاتانی ئەورووپا، کە چەندین ستراتیژییەت و میکانیزمی ئەمنی و سیاسەت و ئابووری دانا و هەوڵیدەدا پارێزگاری لە ئاسایشی خۆی بکات.

بە هۆی هەڵکشانی مەترسییەکانی وابەستەبوونی تۆڕەکانی کۆچی ناشەرعی بە ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە، بە تایبەتیش ڕێکخراوی داعش، یەکێتی ئەورووپا دەستیکرد بە ئەنجامدانی پرۆسەیەک بەناوی (سۆفیا) بۆ ڕێگەگرتن لە کاروانی هێنانی کۆچبەران. ئەو پرۆسەیە چەندین کەشتی جەنگی

**لە نەوەدەکانەوە، وڵاتانی ئەوروپا هەستیان کرد تا ئێرە بەسە و چیتر پێویستیان بەدەستی کار نییە، بۆیە دەستیان کرد بە دانانی یاسا و ڕێسای نوێ بۆ ئەوەی سنورێک بۆ ئەو دیاردەیە دابنێن**

ئەورووپی بەشداریان تێدا کرد، کە ئۆپراسیۆنێکی سەربازی بوو، ئامانجیش لێی وەستاندنی کۆچبەران و پشکنیان بوو تا دڵنیا ببنەوە لە بوونی تیرۆرستان. وڵاتانی ئەورووپا ترسیان لەوە هەیە ڕێکخراوە تیرۆرستییەکان توانیبێتیان بخزێنە ناو کۆمەڵگە ئەورووپییەکانەوە و دووبارە دەست بکەنەوە بە کردەوەی تیرۆریستی.

پاش گەمارۆدانی گرووپە تیرۆیستییەکان لە هەندێک ناوچەدا، دەبینین ئەو کۆچبەرانەی بوونەتە تیرۆریست، یان لانی کەم ڕوویان کردووەتەوە ئەو ڕێکخراوانە، دەیانەوێت بگەڕێنەوە وڵاتەکانیان خۆیان لە ئەورووپا. کاتێک ئەوانە دەگەڕێنەوە وەکو تابووری پێنجەمیان لێهاتووە بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەو گرووپە تیرۆریستییانە.

ساڵانە بە هەزاران کۆچبەر دەگەنە وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا (سوری، لیبی، ئەفغانی، عێراقی، پاکستانی، نێجیری)، ئەو جۆرە کۆچبەرانە وڵاتەکانیان بەتەواوی بەندن بە دۆسییەی تیرۆر، ئەمەش ڕێککەوت نییە و شرۆڤەی خۆی هەیە، چونکە بە پلانی خودی ڕێکخراوەکان دەگەڕێنەوە بۆ ئەنجامدانی کردەوەی خۆ کووژی و بڵاوکردنەوەی ترس لەناو هاووڵاتیانیدا.

بە درێژایی دوو دەیەی ڕابردوو، کۆچی ناشەرعی بۆتە بابەتێکی گرنگ و پڕ بایەخی وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا، هەندێک جار بە رووی مرۆیی سەیر کراون، بەڵام پاش سەرهەڵدانی گرووپە توندڕەوەکان و بە دیارکەوتنی ڕێکخراوێکی وەکو داعش، لە کاتی ئێستادا لە سوچی ئاسایش و پارێزگاری کردن لە وڵاتەکانیان سەیری دەکەن، چونکە هاوکات بە بەدیارکەوتنی ئەو گرووپانە ئەورووپاش شەپۆلێک کردەوەی تیرۆریستی بەخۆیەوە بینی، بۆ نمونە لە فەرەنسا ساڵی 2015، کاتێک پاریسی پایتەخت بووە ئامانجی دوو کردەوەی خۆ کوژی و بوە هۆی کوژرانی 140 کەس. ئەڵمانیاش پشکی بەرکەوت لە ساڵی 2016 و هێرشبەرێکی ئەفغانی پێنج کەسی بریندار کرد. دواتریش کۆچبەرێکی سوری خۆی تەقاندەوە و بووە هۆی بریندار بوونی 12 کەس.

ڕەنگدانەوەی کۆچی ناشەرعی بۆ سەر ئاسایشی وڵاتانی ئەورووپا

هەڕەشەکان بە شێوەیەکی گشتی بە پێی کات و شوێن و جۆر جیاوازن لەیەکتر. بۆیە هەڕەشەکانی لەسەر وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا هەن دابەش دەبن بۆ سەر دوو لق: یەکەمیان پەیوەندی بە ڕەهەندی ناوخۆیی هەیە، وەک بڵاوبوونەوەی تاوان و توندوتیژی و ڕق و کینە، هەروەها پاشەکشەکردنی توانای ئاسایشی ناوخۆیی و جیاوازی سیاسییەیە لە نێوان وڵاتانی ناو یەکێتی و ململانێکان. قەیرانە ئابوورییەکان، تێکچوونی هەرەمی کۆمەڵایەتی.

بەشی دوەم: هەڕەشە دەرەکییەکان، ڕەنگە دیارترینیشیان، هەوڵی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان بۆ گواستنەوەی کردەوەکانیان بۆ کەنارەکانی ئەورووپا بە ڕێگەی کۆچی ناشەرعی. دیاردەی کۆچی ناشەرعی و کاریگەرییەکانی بەستە دەبن بە سەرجەم پرسەکانی ئاسایش و قەیرانەکانی بە هۆی ئەو دیاردەیەوە هاتوونەتە ئاراوە و چارەسەر نەکراون، چونکە کۆچی ناشەرعی بە تەواوی کاریگەری نەرێنی لەسەر سەقامگیری ئەورووپا و ئاسایشەکەی دروست کردووە.

دواجار بە هۆی لە یەکگرێدانی کۆچ، تاوان، تیرۆر، ئەورووپا بە باشی درکی بە دیاردەی تاوانی ڕێکخراو کردووە لەناوچەکە، چونکە لەکاتی ئێستادا بازرگانی کرد بە مرۆڤ (بە قاچاخ بردنی کۆچبەرانی نا شەرعی) بازرگانییەکی پڕ داهاتتر و پارێزاوترە لە بە قاچاخ بردنی مادەی هۆشبەر، چونکە سەرکەوتنی پرۆسەکە (واتە مادەی هۆشبەر) بەندە بە گەیاندنی کاڵاکە بۆ ئەورووپا، بەڵام پرۆسەی بە قاچاخ بردنی کۆچبەران، کێشەیەکی ئەوتۆیان بۆ دروست ناکات و لایان گرنگ نییە ئەو مرۆڤە بخنکێت لەناو ئاو، یان لە ڕێگادا بمرێت. کێشەکەی ئەورووپاش لێرەدایە، چونکە ئەگەر خۆی نەکاتە خاوەنیان، ئەوە هەر زوو ژمارەیەکی زۆریان دەبنە قوربانی، ئەگەر خۆشی کردە خاوەنیان، ئەوە ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی گرووپە تیرۆریستییەکان دەخزێنە ناو وڵاتەوە.

هۆکارەکانی کۆچکردن بۆ وڵاتانی یەکێتی ئەورووپا

سەرچاوە:

ئاژانسی ئەنادۆڵ

ماڵپەڕی جەزیرە: https://www.aljazeera.net

پەیمانگای واشنتۆن بۆ سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست